




# بزوتنەوەی نوێگەری

## لە نێوان
## (ڕوانگە)ی کورد و (شیعر ٦٩)ی عەرەب و (حجم)ی فارس-دا

**د. عەلی تاهیر بەرزنجی**

ڕوانگە وەکو بزوتنەوەیەکی ئەدەبی لە ئەنجامی کۆمەڵێک فاکتەری بابەتی، خۆیی‌و دەرەکی هاتە کایەوە، ڕاستە دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز گوڕوتینێکی گەورە درا بە ڕۆشنبیریی کوردی‌و چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێب و بڵاوکراوە دەرچوون، ئەمانیش لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە بوون، کە ڕوویەکی تری بە واقیعەکە دابوو، بەڵام لە شەستەکان بەدواوە، سستییەک باڵی بەسەر هەموو بوارەکاندا کێشا، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیش، دووچاری شکستو دووبەرەکی بووەوە، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەریی خۆی هەبوو، ئەدەبی کوردیش، تا ڕادەیەک لە جوڵە کەوتبوو، کۆن و تەقلیدە سواوەکان گەڕانەوەو تا ڕادەیەک پانتایی ئەدەبییان داگیرکردەوەو ڕێگەیان لە تەقینەوەی بەهرە دەگرت.

# بەیاننامەی روانگە شتە گشتییەکان باسدەکات، پرۆژەیەکی هونەریو ستاتیکیی ئەدەب ناخاتە ڕوو

ساڵی (١٩٧٠) وەرچەرخانێکی گەورە لە ئاست بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردا رووی دا، ئەویش دەرچوونی بەیاننامەی یانزەی ئازار بوو، کە تێدا داننرا بە هەندێ لە مافە ڕەواکانی گەلی کورداو دۆخێکی تازەی سیاسی باڵی کێشا بەسەر زۆربەی بوارەکانداو چەندین رۆژنامەو گۆڤارو کتێب بە زمانی کوردی دەرچوون، چەند دامودەزگایەکی رۆشنبیری و ئەدەبی، لەوانە یەکێتیی نووسەرانی کورد دامەزران، هەروەها چالاکیی سیاسی و جەماوەری بە ئاشکرا کاری خۆیان دەکرد، ئەمانە رەنگدانەوەو کاریگەرییان لەسەر بزوتنەوە ئەدەبییەکە هەبوو، لە ئاستی جیهانیشدا سەردەمی گۆڕانی گەورەبوو، چ لە ئاستی سیاسی و چ لە ئاستی ئەدەبیشدا، لە ئەوروپایش چەندین بزوتنەوەی نوێگەری و ئەدەبی سەریان هەڵدابوو، جیهانیان دەهەژاند، چەندین بەیاننامەی ئەدەبی بەخشرابوونەوەو کاریگەرییان کەم تا زۆر دەگەیشتە ناوچەکە، لە ئاستی وڵاتانی عەرەب و ناوچەکەیشدا، چەندین گۆڤاری ئەدەبی دەردەچوون، ئەرکی نوێکردنەوەی شیعرییان گرتبووە ئەستۆو کاریگەرییان لەناو رۆشنبیراندا هەبووە، لەوانە (مجلە الشعر) کە لە ساڵی (١٩٥٧ ەوە تا ١٩٦٩) بە بەردەوامی لە بەیروت دەردەچوو. کۆمەڵێک شاعیرو رەخنەگری عەرەب بەشدارییان تێدا دەکرد، لەوانە (یوسف الخال)و (ادونیس) و (جبرا ابراهیم جبرا)و (بدرشاکر السیاب) ژمارەکانی دەگەیشتە بەغداو رۆشنبیرانی کوردیش لێی بێبەری نەدەبوون. هەروەها کۆمەڵێک گۆڤاری تریش کاریگەریی خۆیان هەبوو، بابەتی تیۆری و بەرهەمی نوێیان دەربارەی نوێگەری و شیعر بڵاودەکردەوە، لەوانە (الکلمە)و (الاداب) و (الشعر ٦٩) و (العاملون فی النفط) و گەلێکی تر.

**بەیاننامەی روانگەو (٦٩)ی عەرەبەکانو بەیاننامەی شیعری (حجم)ی فارسەکان لە ڕوانگەی بەراوردکردنەوە:**

لەو ساڵانەی کە بزووتنەوەی نوێگەری لە ئەدەبی کوردیدا سەری هەڵدا، لەناو ئەدەبی دوو میللەتی دراوسێدا، کە ئەدەبی عەرەبیو فارسی بوون، بزوتنەوەیەکی نوێگەری بە هەمان شێوەی ڕوانگە سەری هەڵدابوو، دیارە لێکنزیکیی ئەم دوو میللەتە لەگەڵ میللەتی کوردا لە ڕووی مێژوویيو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەوە لەلایەکو نزیکیی ساڵانی سەرهەڵدانی بزوتنەوەکان لەلایەکی ترەوە، ئەو پرسیارەمان لە بەردەمدا دەکاتەوە، کە ئایا ڕوانگە تا چ رادەیەک پەیوەندیی بەو بزوتنەوانەوە هەبووەو لە چ لایەنێکدا لەوان دەچێو لە چ لایەنێکدا لێیان جیا دەبێتەوە؟ ئەم سێ بەیاننامە ئەدەبییانە لە دەرکەوتنو شوێنی سەرهەڵدانیان لە یەکەوە نزیکن، هەرسێکیان لە کۆتایی شەستەکانو سەرەتای حەفتاکاندا دەرکراون، واتە ساڵێ یا دوو ساڵ جیاوازیی زەمەنییان هەیە، کە زۆر لە یەکەوە نزیکن. لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیو مێژوویيو ئایینیو رۆشنبیری، واتە تا ڕادەیەک لێکچوونێک لە پێکهاتەی رۆشنبیریو کۆمەڵایەتییاندا دەبینرێت.

ئەگەرچی ئاستیان جیاوازە، روانگە ساڵی (١٩٧٠) لەلایەن کۆمەڵێک نووسەری کوردەوە دەرچوون، کە بریتی بوون لە:

(شێرکۆ بێکەس، حسێن عارف، کاکە مەم بۆتانی، جەمال شاربازێری، جەلالی میرزا کەریم) بەیاننامەی (٦٩)یش ساڵی (١٩٦٩) لەلایەن چەند ئەدیبێکی عیراقییەوە بڵاوکرایەوە، کە بریتی بوون لە: (فاضل العزاوی، فوزی کریم، سامی مهدی، خالد علی مصطفی) بەیاننامەی شیعری (حجم)یش

بەیاننامە عەرەبیو فارسییەکە بە زۆری بە لای تاکو خودیەتدا لایان داوە، بەڵام ئەدیبانی ڕوانگە بە هۆشێکی هونەریی زیاترەوە مامەڵەیان لەگەڵ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا کردووە، واتا وەک عەرەبو فارسەکان زۆر بە لای (خود) دا نەچوون، بۆیە دەبینین روانگەییەکان لە بەیاننامەکەیاندا زۆر بە زەقی باسی کێشەی کۆمەڵو هەستی نەتەوایەتیو پابەندبوون بە مەسەلە نەتەوەییەکانەوە دەکەن




ساڵی (١٩٦٩) لەلایەن چەند نووسەرێکی فارسەوە دەرچوو، کە ئەمانە بوون: (یدالله رؤیایی، پرویز السلامپور، محمود شجاعی، بهرام اردبیلی، هوشنگ ازادی).

سەرهەڵدانی هەرسێکیان لە (٦٩-٧٠) دایە، دەکرێ بڵێین پاش پەرەسەندنی نوێگەریی یەکەمی ئەم واتە ئەم سێ میللەتە بووە، مەبەستمان لە نوێگەریی یەکەمیش لە ئەدەبی کوردیدا، هەوڵەکانی (گۆران، شێخ نوری، دیلان، کامەران.. هتد)ە، نوێگەریی یەکەمیش لەلای عەرەبو فارسەکان زیاتر خۆی لە (نیما یوشیج)و (بدر شاکر السیاب، نازک الملائکەو عبدالوهاب البیاتی)دا خۆی دەنوێنێت.

ئەو نووسەرو شاعیرانەی کە لە بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامانەدا بەشدارییان کردووە، دەرکەوتووی شەستەکانو سەرەتای حەفتاکان بوون، ئەگەرچی نووسینی هەندێکیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی پەنجاکان، لەوانە: حسێن عارفو شێرکۆ بێکەسو جەمال شارباژێری، بەڵام بەرهەمی کۆتایی شەستەکانو حەفتاکانیانو جۆری بیرکردنەوەیان جیاواز بووە. هەرسێ بەیاننامەکە ویستویانە شتی جیاواز بخەنەڕوو، تا لە سنووری نوێگەریی یەکەم ڕزگاریان بێت.

ئاشکرایە نوێگەریی یەکەم لە شیعری ئەم سێ میللەتەدا سەرەڕای بایەخدانیان بە لایەنی ستاتیکیی شیعر بە ئاستی جیاواز، بەڵام بەشێوەیەکی ئێجگار فراوان لکابوون بە کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە، وەک خەباتی چینایەتی، کۆششی نەتەوەیی، کێشەی ئافرەت لە کاتێکدا نوێگەری لای ئەدیبانی بەیاننامەکان، تا ڕادەیەک ڕووەو تاکو لایەنە ستاتیکاکە وەرچەرخاوە، لێرەدا زیاتر مەبەستمان بەیاننامەی فارسو عەرەبەکانە، ئەگینا ڕوانگە بە جۆرێکی هونەرییانەتر خۆیان لە کۆمەڵو کێشە کۆمەڵایەتییەکان نزیک کردووەتەوە.

بەیاننامە عەرەبیو فارسییەکە بە زۆری بە لای تاکو خودیەتدا لایان داوە، بەڵام ئەدیبانی ڕوانگە بە هۆشێکی هونەریی زیاترەوە مامەڵەیان لەگەڵ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا کردووە، واتا وەک عەرەبو فارسەکان زۆر بە لای (خود)دا نەچوون، بۆیە دەبینین ڕوانگەییەکان لە بەیاننامەکەیاندا زۆر بە زەقی باسی کێشەی کۆمەڵو هەستی نەتەوایەتیو پابەندبوون بە مەسەلە نەتەوەییەکانەوە دەکەن، وەک دەڵێن: (ئێمە نووسینمان مرۆڤی کورد ئەینووسێت.. بۆیە بۆ نەتەوەی کورد ئەبێتە مەشخەڵ سەربەستو ئازادە، بۆیە گشت کۆتو زنجیرێک ئەپچڕێنێت).

بەیاننامەی ڕوانگە شتە گشتییەکان باسدەکات، پرۆژەیەکی هونەریو ستاتیکیی ئەدەب ناخاتە ڕوو، دیارە هەموو بەیاننامەیەک پرۆژەیەکی تایبەتییە لە (عمومیات) دەردەچێت، بۆ نموونە کە باسی کەلەپوور دەکەن، بۆچوونێکی ڕوون لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵیدا دەرنابڕن.

وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، ڕوانگە لە چوارچێوەی خەمو ئەرکی کۆمەڵایەتیو نەتەوایەتیدا دەسوڕێتەوە، زیاتر جەختیان لەسەر بەکۆمەڵایەتیبوونی ئەدەب کردووە، ئەوەندە بە شێوەی تایبەتی نەک بە گشتی لە خودو لایەنە هونەرییەکان زۆر بکرێتەوە بەسەر تاقیکردنەوەی ئەدەبو بەیاننامەکانی دەوروبەریاندا، بەپێچەوانەوە بەیاننامە ئەدەبییە فارسیو عەرەبییەکە بە گوێرەی دەستبردنیان بۆ چەند زاراوەو شێوازی هونەریو تاقیکردنەوەی جیهان بەئاگابوون لە بەیاننامە جیهانییەکانو تاقیکردنەوەکانیان.

# ئەدیبانی ڕوانگە زۆر بە زەقی وشەی پەیام و پەیامی ئێمە دووبارە دەکەنەوە، کەچی شاعیرانی بەیاننامەی (٦٩) خۆیان لەم پەیمانکارییە دوورخستووەتەوە

وەک لە پێشەوە وتمان باسی کردووە، بەڵام بەیاننامەی شیعری (حجم) کە باسی ئایدیۆلۆژیای تیا کراوە، بە شێوەیەکی روونتر باسکراوە، جگە لەمە جۆری ئیلتیزامی نیشانداوە، لە بەیاننامەی (حجم)دا هاتووە (شیعری حجم لە درۆی ئایدیۆلۆژیاو باوەشی ئیلتیزام ڕادەکات ئەگەر مولتەزیمو لێپرسراویشی بێت، ئەوە لێپرسراوی کاری خۆیو ناوەندی خۆیەتی) دیارە ئەمان زۆر جەخت لەسەر ئەدەبییەتی ئەدەب دەکەن.

لە جێگەیەکی تری بەیاننامەی (حجم)دا هاتووە، دەڵێن: (کاری شیعر وتن نییە، شیعر دەبێت خۆی بابەتی خۆی بێت).

ئەدەبییەتی ئەدەبو ئامانجی شیعر لە بەیاننامەی شیعریو (حجمو بەیاننامەی ٦٩)دا ئاماژەی چاکی بۆ کراوە، بەڵام ئەم تایبەتمەندییە هونەرییە لە بەیاننامەی ڕوانگەدا زۆر ئامادەییان نییە، ئەگەر هەیشبێت، ئەوە لە ڕێگەی گشتیگری و ڕاگوزەرییەوەیە.

هەرچی دەربارەی پەیوەندیی بزووتنەوەی روانگە بە (حەجم)گەرایی فارسییەوە، ئەوا لێرەدا پێویست دەکات ئەو راستییە بخەینە ڕوو، کە نە ڕابەرانی روانگەو نە هیچ نووسەرێکی تر باسی ئەوەیان نەکردووە، کە کاریگەریی ئەو بزووتنەوە ئەدەبییە فارسییەیان لەسەر بووبێ، هەتا هەندێکیان ناوەکەیشیان نەبیستووە، دیارە ئەمەش تا رادەیەک راستە، بەڵام دیسانەوە نزیکی هەردوو بزوتنەوەکە لە ڕووی مێژوویییەوەو گەڕان بەدوای شتی هاوبەشی ئەو سێ میللەتە دراوسێیەدا وامان لێدەکات لایەنی لێکچوونو جیاوازییان دیاری بکەینو خاڵی تریش بخەینە سەر شتە هاوبەشەکانی ئەم سێ میللەتە.

واژۆکەرانی بەیاننامە فارسییەکە باسی جیهانی سیحراویو کەشفو دوورکەوتنەوە لە دەرەوەی واقیعو سیحری وشەو دروستکردنی واقیعیەتێکی شیعریی جیا لە واقیع دەکەن، واتە دوورکەوتنەوە لە زەبری سەرچاوە دەرەکییەکان (شاعیری حەجمگەرا هەمیشە سوورە لەسەر ئەوە کە واقیعییەتێک دروست بکات جوانترو نایابتر لە واقیعی رۆژانەو باو).

راستە بەیاننامەی روانگەیش بە یەک دوو دێرێک باسی دوورکەوتنەوە لە واقیعی فۆتۆگرافی دەکات، بەڵام باسی چۆنێتیی سوودوەرگرتن لە سەرچاوەی پێکهێنەرو دوورکەوتنەوە لەو سەرچاوە ناکات، تا بە ئەنجامەکانی ستاتیکای هونەری بگات. ڕوانگە زیاتر وەک گوتاری نەتەوەییو شۆڕشگێڕانە وایە، رەنگە لەلایەکەوە واقیعێکی نەتەوایەتی وای کردبێت ئەمانیش زۆر پەل بهاوێژن بۆ هەندێ بابەت. زیاتر پابەندی واقیعە دەستە جەمعییەکە بن، ئەمەش وای لێ کردوون بەیاننامەکەیان ئەو ڕێگەیانە فەرامۆش بکات، کە دەیانگەیەنێتە ناوچەو سنووری شیعریو رووتو پەتی، بەڵام وەک لە پێشدا باسمان کرد، بەیاننامە فارسییەکە زۆر باس لە سروشتی شیعر خۆیو چۆنیەتیی پێکهێنانیو گەیشتن بە بازنەکانی دەکەن.

ئەگەرچی ئەمان لە شێوەی خاڵو بەشێوازێکی بروسک ئاسا لەو بابەتانە دەدوێنو هەر بەو چەشنە بەیاننامەکەیان دارشتووە، بەڵام واژۆکەرانی بەیاننامەی (٦٩) وردترو قوڵتر باسی پەیوەندییە هونەریو شیعرییەکان دەکەنو دێنە سەر رۆڵی خەونو حاڵەتی نائاگایی لە شیعردا.

ئەدیبانی ڕوانگە زۆر بە زەقی وشەی پەیامو پەیامی ئێمە دووبارە دەکەنەوە، کەچی شاعیرانی بەیاننامەی (٦٩) خۆیان لەم پەیمانکارییە دوورخستووەتەوە،

ئەدەبییەتی ئەدەبو ئامانجی شیعر لە بەیاننامەی شیعریو (حجمو بەیاننامەی ٦٩) دا ئاماژەی چاکی بۆ کراوە، بەڵام ئەم تایبەتمەندییە هونەرییە لە بەیاننامەی ڕوانگەدا زۆر ئامادەییان نییە، ئەگەر هەیشبێت، ئەوە لە ڕێگەی گشتیگری و ڕاگوزەرییەوەیە

ئەوەتا دەڵێن: (ئێمە شیعر بۆ ئەوە نانووسین لەبەر ئەوەی کە شیعر نوێنەرایەتیی جۆرێک لە رزگاریبوون بۆ ئێمە دەکات). جیهانی شیعریش بە لایانەوە ئەو جیهانەیە، کە بەشێوەیەکی تایبەتی لە بۆتەی خەوندا (الحلم) دارێژراوە ، ئەمان باسی ناوچەی شیعرو گەیشتن بەو ناوچەیە دەکەنو ئەو ناوچەیەش بە ناوچەیەکی ئەفسانەییو سیحراوی و تەمومژاوی لە قەڵەم دەدەن.

یەکێک لە سیفاتە هەرە باشەکانی بەیاننامەی (٦٩) ئەوەیە کە سەرەتا لەسەر پێناسەی جوگرافیای شیعر وەستاوەو پاشان هاتووەتە سەر ئەو هۆکارو رێگەیانەی کە شاعیر دەبا لەسەر ئەو ناوچە سیحراویو ئەفسانەییە لە وشەو پەیوەندییەکاندا. یەکێک لەو هۆکارانە بەلای ئەوانەوە نزیکبوونەوەیە لە خەون، کە فاکتەرێکی پێکهێنەرەو ناوچەی شیعر دەوڵەمەند دەکات، خەونی شیعری بە لای ئەوانەوە (خەونی بزرکاو و ورێنە نییە، ئەگەرچی ئەم جۆرە ورێنەیشی تێدایە، بەڵکو خەونی ئەو بوونەوەرەیە کە بەرەو حەقیقەت ملدەنێ).

هەروەها باسی جۆری رێگەی گەیشتن بە خەون دەکەنو خەون بە کلیلی دەرگای شتە شاراوەکانو جیهانی دانراو دەزانن، چەند کلیلیکیشیان بۆ گەیشتن بە خەون دیاری کردووە وەک:

١- شاعیر دەتوانێ بگاتە خەون، یا بەدەستی بێنێ، ئەویش لە رێگەی لاوازکردنی عەقڵی هۆشدارو بەنجکردنی، واتا عەقڵی بەئاگا کاتی پرۆسەی شیعر نووسین کەم دەکرێتەوە، تا نائاگایی (اللاوعی) رۆڵ ببینێت شیعرییەت بەرهەم بێت.

٢- دوورەپەرێزیو گۆشەگیری کە خۆی لە خۆیدا جۆرێک لە تێرامانو پرسیارکردن دەخولقێنێ.

٣- جۆرێک خەونیان لە تاقیکردنەوەی سۆفیو دەروێشدا بینیووە، ئەگەرچی مەرجیش نییە، داهێنان لای ئەمانە بە گشتی دروستبێت.

٤- ئەو رێگە باوانەی، کە شاعیر دەگەیەنێت بە خەون (الحلم) بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکانە، کە مێشک خاودەکەنەوە، وەک ئەفیونو حەشیشە، ئەگەرچی زیانی ئەمانە لەوەدایە، کە بەکارهێنەرانیان لە جیهان رادەکەنو بەرانبەر ژیان بێتوانا دەبن.

٥- رێگەیەکی تری گەیشتن بە خەون، هەڵبژاردنی کاتی وەنەوزدانە بۆ نووسین، واتە ئەو کاتە بنووسێت کە لەنێوان خەوبێداریدایت، کاتێک خەون دەگاتە بەرزترین دۆخی، ئەوکاتە شیعرییەت لە هەموو شتێکدا دەبینێت لە دار، لە بەرد، لە ئاو.

مەبەستمان لە باسکردنی ئەم رێگە خەونییانە، دابڕان نییە لە واقیع، بەڵکو دۆزینەوەی شیعرییەتی واقیعە، پێکهێنانی دەنگی بەرەنگاریو سڕینەوەی کارەساتی مرۆییە.

هەڵوێست لە کەلەپوورو چونێتیی مامەڵەکردن لەگەڵیدا خاڵێکی گرنگە لە هەرسێ بەیاننامەکەدا ئاوڕی لێ دراوەتەوە، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئەگەر بەشێوەیەکی کورتیش بێت ئاماژەیان بۆ بکەین، لە بەیاننامەی شیعری (٦٩)دا هاتووە دەڵێن:

(بەشێوەیەکی گشتی ئێمە وا سەیری کەلەپوور دەکەین کە ئیلهامبەخشی رۆحە، نەک کۆتێک بێ پێیەکانمان بەرەو رابردوو رابکێشێ).

لە بەیاننامە فارسییەکەیشدا کاتێک باسی حەجمگەرایی دەکرێت دەڵێن: (شتێکی عەنتیکە نییە، بەڵام لە بۆنی شتی کۆن بێدار دەبێتەوە). نزیک بەم بۆچوونانە ڕوانگەییەکانیش لە بانگەوازەکەیاندا دەڵێن: (کۆن بە لای ئێمەوە لە پێوانی بابەتەکانی ئەدەبدا هەر ئەوە نییە کە کوێرانە یاخی بوونێکی

# بەیاننامەی روانگە لە سنووری شیعرو چیرۆکدا وەستاوە

بەرپا بکەین، ئێمە بڕوامان وایە کە تاقیکردنەوە کۆنە سەرکەوتووەکان هەمیشە پاڵپشتێک بوون بۆ ڕێڕەوی تازەکانی دوای خۆیانو ئەمان لە منداڵانی ئەودا لەدایک بوونو لە باوەشی ئەودا کەوتوونەتە گروگاڵ).

لێرەدا بۆچوونەکانی هەرسێ بەیاننامەکە دەربارەی کەلەپوور، تا رادەیەک لە یەکەوە نزیکنو خاڵی هاوبەشی زۆر لە نێوانیاندا هەیەو هەرسێکیان کۆکن لەسەر ئەوەی کە کەلەپوور نەکرێت بە کۆتو پێوەند، بەڵام بە یەکجارەکیش ڕەتی ناکەنەوە.

دەکرێت بڵێین شاعیرانی بەیاننامەی شیعری (٦٩)و شیعری حەجم ئاگاییەکی چاکتریان لە ئەزموونی جیهان بووە، تەنانەت سوودی زۆریان لە بەیاننامە جیهانییەکانی پێش خۆیان بینیووە، وەک سوریالیزمو دادائیزم، هەردوو لایشیان ئاماژەی بۆ دەکەن، بەڵام ئەدیبانی روانگە ئەم لایەنەیان فەرامۆش کردووە، ئەگەر ئاگایشیان لێ بووبێت ئەوە لەبەر تایبەتمەندێتیی قۆناغە نەتەوەییو ئەدەبیو کۆمەڵایەتییەکەی ئەوکاتە نەیانتوانیوە زۆر پەل بهاونو بەرەوڕووی بڕۆن.

دەتوانین بڵێین نەگونجاندنی باری ئەدەبیو ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیی ئەوکاتە لەگەڵ ڕەوتی نوێخوازەکاندا لە لایەکو کەمبوونی تاقیکردنەوەی ئەو کاتەی خۆیشیان دوو فاکتەربوون لە بەردەم دەستدرێژنەکردنیان بۆ ئەو جۆرە پرۆسەی نووسینانە، کە لە بەیاننامەی عەرەبی و فارسییەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە، بۆ نموونە سەبارەت بە نەگونجاندنی باری ئەدەبیو ڕۆشنبیریی شەستو حەفتاکان لەگەڵ ئاواتی ڕوانگەییەکاندا، دەتوانین باسی دەسەڵاتی ڕەوتی واقیعییەت وەک قوتابخانە بکەین، واقیعییەت لەو سەردەمانەدا، تەنانەت ئێستاش ئەوەندە سێبەری کشاندبوو بەسەر ئەدەبدا بووبوو بە دەسەڵات، لایەنی ئەدەبی فیکریو ڕەخنەییەکان ڕێگەیان نەئەدا باسی رەوتی دەرەوەی واقیعییەت بکرێت، ریالیزمی سوشیالیستی هەموو جیهانە ئەدەبییەکانی تری خەفەکردبوو.

ئەوەی ئەم سێ بەیاننامە بخوێنێتەوە دوور لە دەمارگیریی نەتەوەیی هەست دەکات هەریەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام دەوڵەمەندترینیان بەیاننامەی شیعر (٦٩)یە، چونکە وردترو قوڵترو چووەتە ناو جیهانی شیعرو پرۆسەی نووسینو ڕێگەکانی دۆزینەوەی ناوچەی شیعرەوە، هەروەها پەییان بە کاریگەریی خەونو نائاگاییو کەمکردنەوەی هۆشیاریو زانستی دەروونناسی بردووە، بەیاننامەی روانگە لە سنووری شیعرو چیرۆکدا وەستاوە، بەیاننامەی ٦٩ تایبەتە بە هونەری شیعر، بەیاننامەی (حەجم)یش بەرەو سینەماو هونەری شێوەکاریش رۆیشتووە.

روانگە بەیاننامەیەکی خاکەڕایی بوو، بەڵام گرنگیی لەوەدا دەردەکەوێت کە لە سەردەمێکدا نووسرا باوکاری (تقلید) ئەدەبی وەک داموودەزگای لێهاتبوو، ئەمیش وەک مینێک وابوو لەژێر زەمینەی ئەو دەسەڵاتە ئەدەبییە باوانەدا بەو تەوازوعەی خۆیەوە توانیی خوێنەرو ڕۆشنبیر وا لێبکات هەست بەوە بکات قاڵبە ئەدەبییەکان پێویستیان بەوەیە بشکێنرێن.

لێرەدا پێویستە سێ شتی گرنگ دەربارەی روانگە لەیاد نەکەین، یەکەمیان ئەوەیە زۆر لە نووسەرانو ڕەخنەگرانی ئەوکاتەو ئێستاش لە نووسینو چاوپێکەوتنەکانیاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بەیاننامەی ڕوانگە لەژێر کاریگەریی بەیاننامەی شیعری (٦٩)ی عەرەبە عیراقییەکاندا بووە، ئەمە

> شاعیرانی بەیاننامەی شیعری (٦٩) و شیعری حەجم ئاگاییەکی چاکتریان لە ئەزموونی جیهان بووە، تەنانەت سوودی زۆریان لە بەیاننامە جیهانییەکانی پێش خۆیان بینیووە، وەک سوریالیزمو دادائیزم، هەردوو لایشیان ئاماژەی بۆ دەکەن، بەڵام ئەدیبانی روانگە ئەم لایەنەیان فەرامۆش کردووە




بێ ئەوەی تا ئێستا خاڵەکانی ئەو کارتێکردنەیان دەستنیشان کردبێت، یا وەک شتێکی باوی لێهاتووە هەرکەس کە دێتە سەر باسکردنی ڕوانگە یەکسەر دەڵێت:

ڕوانگە لاساییکردنەوەی بەیاننامەی شیعر (٦٩) بووە، ئێمە لەگەڵ ڕیزماندا بۆ دیدو بۆچوونی ئەو نووسەرانە، دەڵێین ڕاستە هەندێک خاڵی هاوبەشی لەنێوان هەردوو بەیاننامەکەدا هەیە، لە هەمان کاتیشدا خاڵی جیاوازی زۆر هەیە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە بەیاننامەکەی ڕوانگە فۆتۆکۆپییەکی ڕاستەوخۆی بەیاننامەی (٦٩) بووبێت، بەڵێ پەیوەندییەک لەنێوان زەمەنی سەرهەڵدانی هەردوو بەیاننامەکەو کەسایەتییەکانیاندا دەبینرێ، بەڵام چوارچێوەی برگەو بۆچوونەکانیان زۆر جیاوازە، بەیاننامەی شعری (٦٩) زۆر لەسەر پەیوەندییە هونەرییەکان و شیعرییەتی دەقو سوریالیزمو خەونو سیحر و ڕێگاکانی بەدیهێنانی خەون بۆ پتەوکردنی فەزای شیعرو چەندەها تایبەتمەندیی سەر بە هونەری شیعر وەستاوە، یا بە درێژی لە کاریگەریی نائاگایی بۆ سەر شیعر دواوە، تەنانەت شاعیرەکان نموونەیشیان لە شیعری جیهانی هێناوەتەوە، ئەم تایبەتمەندییە هونەریو شیعرییەو پەیوەندیی نێوان شیعرو دەروونناسیو نائاگایی بە هیچ جۆرێک لە بەیاننامەی ڕوانگەدا ڕەنگیان نەداوەتەوە، لە روانگەدا باسی ناوچەی شیعرو گەڕان بەدوای ناوچەی شیعرو خەونو بێئاگایی نەکراوە، هەروەها باسی خەفەکردنو کەمکردنەوەی حاڵەتی هۆش نەکراوە، بۆ فەرامۆشکردنی بێئاگایی، کە تیایدا کەشوهەوای شیعرییەت گونجاو دەبێت.

لە بەیاننامەی شیعر (٦٩)داو بەیاننامەی (حەجم)دا جەخت لەسەر ئەوە کراوە کە شیعر لەخۆیدا ئامانجەو هەوڵ دراوە دوور بخرێتەوە لە بازنەی ئامراز (وسیلە)، ڕوانگە هیچ لەمانەی تێدا نەهاتووە، جا ئیتر چۆن دەکرێت بڵێین ڕوانگە لاساییکردنەوەی بەیاننامەی شیعر (٦٩) بووە؟ ئەوەندە هەیە شاعیرە فارسو عەرەبەکان سەرچاوەی زیاتری خۆیانو جیهانیشیان لە بەردەستدا بووەو کتێبخانەی میللیی خۆیان سوودێکی ئەوتۆی پێگەیاندوون، تا بەیاننامەکەیانی پێ دەوڵەمەندتر بکەن، ڕەنگە ئەمە بە جۆرێکی چاک بۆ کوردێک نەڕەخسابێت، بۆیە دەتوانین بڵێین نووسەری کورد بە ڕادەیەکی پێویست لە ئەزموونە ڕۆشنیرییە جیهانییەکان نزیک نەبووە، لەلایەکی ترەوە ئەدەبی کوردیی ئەو سەردەمە چیرۆک، شیعر، ڕەخنە کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی ریالیزمو ریالیزمی سۆشیالیزمییەوە بە ڕادەیەک هەندێک وا پێناسەی نوێگەرییان دەکرد کە هاوتای ریالیزمی سۆشیالیزمی بێت، لێرەدا نکۆڵیش لەوە ناکرێت کە ئەو ڕێبازە ئاستێکی جیهانیی هەبووەو بە ئاسانیش ڕێگەی بۆ ڕەوتە فۆرمایستەکان چۆڵ نەئەکرد تا ڕەوتێکی دژ سەرهەڵبدات، یان باسی سوریالیزمو دادائیزم بکرێت، بۆیە تا ڕادەیەک ڕاستی لەگەڵمان دەبێت گەر بڵێین ئەدیبانی ڕوانگە ئەگەر ئاگاداری باشی ئەدەبی جیهانیشی بوون، یا بەیاننامەیەکی سوریالییەکانیان خوێندبێتەوە، ئەوە سڵیان لە زەبرو دەسەڵاتی واقیعییەتو واقیعییەتی سۆشیالیزمی کردووە، خۆ ئەگەر لە بەیاننامەکەیاندا باسی لە لەهۆشخستنو دەرزی لێدانیان بە مەبەستی وەدیهێنانی شیعرییەتو خەونی شیعری بکردایە، ئەوە رەنگە بکەوتنایەتە بەر لێشاوی گاڵتەجاڕی، ئەگەر بەیاننامەی شیعر (٦٩)و بەیاننامەی حەجمگەرایی فارسی بە زۆری

# بەیاننامەی ڕوانگە زۆرتر ئاوڕی لە پەیوەندیی نێوان شیعرو کۆمەڵ و شیعرو نەتەوە داوەتەوە

ئاماژەیان بۆ لایەنی شێوەو هونەری کردبێت، ئەوە بەیاننامەی ڕوانگە زۆرتر ئاوڕی لە پەیوەندیی نێوان شیعرو کۆمەڵو شیعرو نەتەوە داوەتەوە، کارێکی نارێک دەرئەچێت باسی کاریگەریو لاساییکردنەوە بکەینو ڕەچاوی ئەم جیاوازییانەی نێوان ڕوانگەو هەردوو بەیاننامەکەی تر نەکەین، بەڵێ ڕوانگە بەیاننامەیەکی خاکەرایی بوو، بەڵام لە سەردەمێکدا دەرچوو کە تەمەنی نوێگەریی کورد (٤٠-٥٠) ساڵێک بوو ، پێویستی بە پیاچوونەوەو گۆڕانکاری دەکرد، ڕوانگەیش هەستکردنێکی تەواو بوو بەو بنبەستانەی ئابلۆقەی شیعری نوێی کوردییان دابوو، قۆناغی یەکەمی نوێگەریی کوردی واتا قۆناغی پێشەوایەتیو پاش پێشەوایەتی تێزێکی تایبەتی خستە ڕوو، ئەدەبی حەفتاکانیش دەبوایە گوڕێکی تری بە نوێگەریی یەکەم بدایە، ئەویش لە ڕێگەی خستنەڕووی تێزێکی ترو دیدێکی جیا، ڕوانگەو هاوسۆزەکانیان زوو هەستیان بەمە کرد، ڕەنگە بەیاننامە هەر بەیاننامەیەک بێت، جۆرێک لە سنوور دابنێت، ئاسۆکانی ئەدیب لە چەند هێڵێکدا کۆبکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەیاننامەی ڕوانگە کاریگەریی بەسەر ئەدەبی کوردیو بۆچوونی خوێنەرەوە بۆ شیعر هەبوو، لەپاڵ ئەمانەیشدا، یەکەم بەیاننامەبوو کە بانگەشەی بۆ نوێگەری لە چوارچێوەی بیری نوێ، کرداری نوێدا کرد، ئەم سێ بەیاننامە وەک هەوڵی نووسەرانی سێ میللەتی ڕۆژهەڵات، بانگەوازبوون بۆ نوێگەری، بەڵام ڕوانگەی خۆمان لە هێڵە گشتییەکانی نوێگەریی داوەو بەیاننامەی (٦٩)و حەجمگەرایی لەپاڵ هێڵە گشتییەکاندا چەند هێڵێکی ئەدەبییەتو شیعرییەتیشیان گرتووە. هەروەک لە سەرەتادا گوتوومانە بەیاننامەی شیعر (٦٩) ئاسۆیەکی بەرفراوانتری هەبووەو کۆمەڵێک بابەتی هەمەڕەنگی لەخۆگرتووە، لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بە یەک دوو بڕگە بکەین، ئەوان دەڵێن: (شیعری چاک ئەو شیعرەیە کە یاسا تایبەتییەکانی خۆی لە بەرانبەر نهێنیی گەردووندا دەدۆزێتەوە، هیچ یاسایەکیش نییە کە پێشتر بڕیاری لەسەر درابێ، تەنیا لە سنووری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا نەبێ لەژێر تیشکی ئەم ڕاستییەشدا مومکن نییە شیعر چەند یاسایەکی یەکگرتووانەی هەبێ، تەنیا ئەگەر ئەو جۆرە شیعرە لەناو (جوزئی)دا خنکابێ، بە شێوەیەکی گشتیش شیعر بایەخی خۆی لە ئازادیی ڕەفتارکردنی لەگەڵ جیهان وەردەگرێ، بەبێ ئەمە شیعر تەنیا دەبێ بە پاشکۆیەکی لاوازی ئەو شیعرانەی پێشتر نووسراون).

لێرەدا بەیاننامەی ٦٩ قاڵبی ئامادەکراو بۆ شیعر ڕەت دەکاتەوەو ئەوە بە بانگەشەی گەڕانەوە بۆ کۆن لە قەڵەم دەداتو لەگەڵ پێناسەیەکی یەکگرتووی شیعردا نین. هەروەها دەڵێن: (دواجار نابێ شاعیر بە دۆزەرەوەی چەند کیشوەرێکی دوژمنو دۆست دابنرێ، بەڵکو شاعیر خولقێنەری چەند دنیایەکی نوێیە، کە لەگەڵ ئەو دنیایەدا سۆزداریی هەیەو لە پێناویدا بمرێ تەنیا لەوێدا شاعیر دەتوانێ بە هێمنیو ئاشتی پاڵکەوێ، دوور لە جیهانی پیلانگێرانو کوشتن. دەبێ درک بە ڕاستییەکی گرنگ بکەین ئەویش ئەوەیە تیشکی حەقیقەت لە شاعیرەوە بۆمان دێ پتر لەوەی لە قەسیدەوە بۆمان بێ. لەبەر ئەوەی قەسیدە هەمیشە دەخرێتە سەر شاعیر).

لێرەدا شاعیرانی ئەم بەیاننامەیە لە گۆشەنیگای دیالێکتیکییەوە دەڕواننە پێوەندیی نێوان شیعرو شاعیرو هەردوو بە تەواوکەری یەکتر دەزانن و

ئەدیبانی ڕوانگە ئەگەر ئاگاداری باشی ئەدەبی جیهانیشی بووبن، یا بەیاننامەیەکی سوریالییەکانیان خوێندبێتەوە، ئەوە سڵیان لە زەبرو دەسەڵاتی واقیعییەتو واقیعییەتی سۆشیالیزمی کردووە، خۆ ئەگەر لە بەیاننامەکەیاندا باسی لەهۆشخستنو دەرزی لێدانیان بە مەبەستی وەدیهێنانی شیعرییەتو خەونی شیعری بکردایە، ئەوە ڕەنگە بکەوتنایەتە بەر لێشاوی گاڵتەجاڕی



بەزۆری جەخت لەسەر شاعیر دەکەن، ئەمەش پێچەوانەی دیدی هەندێ لە بونیادگەرانە، بەتایبەت (ڕۆلان بارت) کە پێی وایە دەقی شیعری دادەبڕێت لە دانەرەکەی، ئەمەشی ناوناوە (مردنی نووسەر) واتە کاتێک دەتەوێت دەقێکی شیعری توێکار (تشریح) بکەیت، دەبێت لە ناوەوەی دەقەکەدا بەدوای دوالیزمەکاندا بگەڕێیت، نەک لە دەرەوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕەتکرنەوەی ڕۆڵی دانەرە.
بەیاننامەدەرکردن بەو واتا نییە کە سنوور بۆ ئەدەبو ڕۆشنبیری دابنرێت، هیچ کاتێکیش بەیاننامەیەک چەند بەهێزیش بێت لە توانایدا نییە چوارچێوە دابڕێژێتو ئەدەب تەسک بکاتەوە، لە سەردەمە تازەکانی ئەدەبیشدا بە حوکمی ئەوەی نوێگەری بەرفراوان بووەو پانتاییەکی کراوەو بێکۆتایی بووە، لە هەمان کاتیشدا سەربەستیی بۆ خود ڕەخساندووە، چەندین هەوڵی جیاوازو دوور لە یەک پرۆژەی جیاو بگرە دژیش لە شێوەی بەیاننامەدا خراونەتە ڕوو، جا ئەو هەوڵە بەیاننامە ئامێزانەیش لافی سنووری کۆتاییو کاری بە ڕەها گەیشتنیان لێ نەداوە، نموونەی ئەم بەیاننامانە چەندێ تازەبن، بەڵام لای میللەتانی تر تەمەنی درێژتریان هەیە، ئەو بەیاننامە بەناوبانگانەی جیهان، یا لە دوای سەرهەڵدانی یا کاتی سەرهەڵدانی ڕووداوێکی گرنگ یا تەنگژەیەکی سەخت هاتوونەتە کایەوە، یا پاش ئەوە بووە ترسێک لەوە پەیدا بووە کێشەو تەنگوچەڵەمەی شێوازەکان بگەنە بنبەستو پیر بوون، ئەگەر سەیری ئەو بەیاننامە جیهانییانە بکەین کە لە نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا دەرچوون، ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە هیچ یەک لەو بەیاننامە گرنگانە، نەیانتوانیوە بە یەکجارەکی بوونی ڕەوتو بۆچوونەکانی تری سەردەمەکە بسڕنەوە، بۆ نموونە بەیاننامەی سوریالییەکان ئەوەندەی لەم ساڵانەی دواییدا بایەخیان پێ داوەو لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوەو لە ئەدەبو هونەردا لە هەندێک ڕووەوە سودیان لێ دەبینرێت، ئەوەندە لە کاتی خۆیاندا لایان لێ نەکراوەتەوەو لەلایەن ریالیزمخوازەکانەوە بە توندوتیژی بەرپەچدراونەتەوە. لەبەر ئەوەی بەیاننامە شتێکی گشتیو ڕەها نییەو نایشتوانرێت بەم مەبەستە بار بکرێت، بۆیە شتێکی ئاساییە کەسانێک پشتگیریی لێ بکەنو کەسانێکی تریش دژی بوەستن، یا دیدو بۆچوونی جیاواز دەربارەی دەرببڕن، بۆچوونی جیاوازیش نابێت وا لێکبدرێتەوە کە هێمای لاوازییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆرجار کاریگەریی باشی دەبێتو بابەتەکە بەرەو پێشەوە دەبات.
لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین ڕوانگە سەرەڕای هەندێ کەموکوڕی، بەڵام جۆرە گڕو تینو بزووتنەوەیەکی کاریگەری خستە نێو ئەدەبی کوردییەوە، هەر دەرکردنی بەیاننامەکە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا، کە ساڵی (١٩٧٠)یە جۆرە گرنگییەکی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا هەبووەو هاوشانی بەیاننامە ئەدەبییەکانی عەرەبو فارس چووەتە مێژووی هاوچەرخی ئەدەبەوەو لە هەمان کاتیشدا جۆرە گفتوگۆو دیالۆگو بزووتنەوەیەکی ڕەخنەیی بەرپاکرد، کە زەمینەخۆشکەر بوو بۆ بەرفروانکردنی ئاسۆی بیری ڕۆشنبیران، ڕوانگە پراکتیزەکردنی ڕۆحیو دیالیکتێک بوو لە واقیعی ڕۆژانەداو ئەوەی سەلماند کە فیکر هەمیشە لە گۆڕاندایەو وەستانی بۆ نییە، گەڵاڵەکردنی پرۆژەیەکی ئەدەبی لەو ساتەوەختەدا بەو شێوەیە خۆی لە خۆیدا مایەی سەرنجڕاکێشانی ڕۆشنبیرانو نووسەران بووەو زیاتر نووسەرانی هانداوە بەدوای شتی نوێدا بگەڕێن.